# زمانێک بۆ ((دختربازی))
# ناوێک بۆ بەردکێشان

ناسری حیسامی

حمید تقوایی: برین به کردستان، که از نظر جنبش چپش، عقبتر بود. کومله، جنبش کردستان، ته خط 3 تهرون بود. حالا اجتماعی بود، رادیکال بود به این معنی، ضد جمهوری اسلامی بود، ولی از نظر ارزشها، کوا پانتول و هلپرکی و غیره، عقبتر از (تهرون)، یا برادر کوچکەی چپ تهرونی بود. برین تو کردستان نگاه کنین. من اینو یه دفعه مقایسه کردم. تو کنگره چهار، یه عدەای از رفقای ما، داشتند هلپرکه میرقصیدند.

یکی از حاضران: هلپرکه چیه؟

حمید تقوایی: رقص کردی میکردند. جوانها نمیدونن هلپرکه یعنی چی. ((خنده و استهزای حضار، کف زدن برای حمید تقوایی)).

اون جماعت که میرقصیدند، دختر جوانی بود که جوکش دست انداختن این رقص بود. و من با خودم فکر میکردم اون جوان سنندجی، مثل این دختره است یا مثل اونهایی که هلپرکه میرقصند؟ آیا نمی خندند تو همون سنندجش به کسی که هلپرکه میکند؟

نسل ما، عاشق پیشمرگەای بود که به کوه زده بوده. اون پیشمرگه جامانه داره، کوا پانتول داره. تفنگ رو دوششه، هلپرکه میرقصه. جوان امروزی کوه نمیدونه یعنی چی. اینترنتیه. فاصله خودش با دنیا رو نمیدونه یعنی چی؟ یکی تلفن زده بود. یکی ازش میپرسید سنندج جوَش چیه. گفت میخوای بدونی؟ --پسر بود-. گفت اگه میخوای دختر بازی کنی باید تهرونی حرف بزنی، شلوار جین بپوشی. ((خنده و کف زدن حاضران)).

من چند شب پیش رفتم تو یک بحث پالتاکی با رفقای کردستان صحبت میکردم سر همین انشعاب و غیره، از لهجه هیچکدومشون نفهمیدم کرد هستند. فارسی حرف میزدند. -خوب من کردی بلد نیستم- فارسی حرف میزدند، ولی لهجه نداشتند، خیال میکردی با تهرونی داری حرف میزنی. رفقای قدیمی کرد خودمون، صحبت میکنی، معلومه کاملا، کرد هستن. به همین قیاس جوان چپ کمونیست تهرانی خودشو تو پاریس حس میکنه. من فکر میکنم جوان سنندجی مریم نمازی رو که توی تلویزیون کانال جدید انگلیسی صحبت میکنه بیشتر دوست داره تا اون رفیق کردی که کردی حرف میزنه خاطرات چندسال پیشش رو تعریف میکنه.

ئەوە بەشێکە لە قسەکانی «حەمیدی تەقوایی» لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کارگەریی ئێران، لە کۆبوونەوەیەکی حیزبەکەیاندا.

لە پاییزی رابوردوودا بەشێک لە ئەندامانی ئەو حیزبە، جیابوونەوە و حیزبێکی دیکەیان پێکهێنا. حەمیدی تەقوایی و ئەوانەی لە گەڵی مابوونەوە، ڕاپانگەیاند ئەوانەی ڕۆیشتوون، کوردەکان بوون. ئەوانەی ساڵەها بوو، پێکەوە لە حیزبێکدا وەک ڕەمز و هێمای یەکگرتوویی و یەکپارچەیی پەیکەری مرۆڤ خۆیان نیشان دەدا، ئەوانەی کاتی هاتنەگۆڕی

باسی فرەنەتەوەبوونی کۆمەڵگای ئێران ڕەگی ملیان بەرز دەبووەوە و دەیانگوت نەتەوە ئەفسانەیە و کۆمەڵگای فرەنەتەوە پێناسەیەکە ناسیۆنالیستەکان دروستیان کردووە، لە کاتی دووکەرتبوونی حیزبەکەی خۆیاندا بوونەوە بە کورد و فارس. حەمیدی تەقوایی و هاوڕێکانی سەرەتا وتیان ئەوانەی ڕۆیشتوون ئەندامانی «کۆمیتەی کوردستان» بوون و دواتر بە «عەشایری کورد» ناویان بردن.

ئەم قسانەی حەمیدی تەقوایی کە لەسەرەوە خوێندتانەوە، درێژەی هەمان ئاژیتاسیۆنە، بۆ دڵخۆشیدانەوەی ڕیزەکانی خۆی، تا پێیان بڵێ بەم جیابوونەوەیە هیچمان لە کیس نەچوو، ئەوانەی ڕۆیشتوون، کۆمەڵێک مرۆڤی دواکەوتوو بوون؛ کۆمەڵێک کورد بوون. کۆمەڵێک کورد، کە کاتێک بە فارسی قسەیان دەکرد، بە ڕاوێژیانەوە دیاربوو کوردن، هەڵپەرکێی کوردییان دەکرد و، بە کوردی بیرەوەرییان دەگێڕایەوە، ئەویش بیرەوەریی سەردەمی پێشمەرگایەتی، سەردەمی «کوە». حەمیدی تەقوایی بە ڕاشکاوییەکی سەرسوورهێنەرەوە ڕایگەیاند ڕیزەکانی حیزبەکەی ئەو، (کە بە نەسلی نوێ ناوی بردن) ئەو کەسانەیان خۆش ناوێ کە بە زمانی کوردی دەدوێن و بیرەوەریی پێشمەرگایەتی دەگێڕنەوە. تەقوایی وتی هاوڕێکانی حیزبەکەی ئەو، «مریم نمازی»یان خۆش دەوێ کە بە ئینگلیزی دەدوێ، نەک ئەو کەسانە کە بە کوردی دەدوێن.

تەقوایی هەروەها بە شادییەکی ئاشکرا، دەگێڕێتەوە پارەکە کاتێک کۆمەڵێک لە کوردەکانی ناو حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری، لە کۆنگرەمی چوارەمی حیزبەکەیاندا هەڵپەڕیون، ئەندامێکی پێشکەوتووی حیزبەکەیان گاڵتەی بە هەڵپەڕینەکەیان کردووە و نوکتەی بۆ ساز کردوون و تەقواییش نوکتەکەی زۆر بەدڵ بووە.

تەقوایی، زیاتر لە بیست ساڵ بوو دەیگوت بڕوای بەوە هەیە کە هاوچارەنووسیی چینایەتی لە نێوان چەوساوەکان و بەشمەینەتان وژێردەستاندا، هەموویان دەکاتە پەیکەرێکی یەکگرتوو. دەیگوت هاوچارەنووسیی چینایەتی و هاوپشتیی خەباتکارانە هەموو سنوورەکانی ڕەنگ و نەژاد و دین و نەتەوە دەسڕێتەوە. دەیگوت بناغەی سۆسیالیزم مرۆڤە. کەچی ئێستا کەوا و پانتۆڵی کوردی و زمانی کوردی دەکاتە پێناسەی تەنانەت ئەو کەسانەی نزیکەی چارەکەسەدەیەک لەژووری حیزبێکدا لەگەڵیان ژیاوە و، کاتێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی خۆی دەدوێ زمان و جلوبەرگیان دەکاتە پێناسەیان و، پێیان دەڵێ «ئەو پێشمەرگەیەی جامانەی لە سەرە، کەواوپانتۆڵی لەبەرە، چەکی بەشانەوەیە و، هەڵدەپەڕێ.»

تەقوایی زمان و جلوبەرگ دەکاتە پێناسەی مرۆڤەکان و، نەک هەر ئەوە، بەڵکوو ئەوەش ڕادەگەیەنێ کە زمان وجلوبەرگەکانیش هاوشان و هاوتا نین و هێندێک زمان وبەرگ باڵاترن و کەسایەتییەکی بەرزتر بە مرۆڤ دەبەخشن.

تەقوایی دەگێڕێتەوە:

«چەند شەو لەوە پێش، لە پاڵتاک لە گەڵ هێندێک لە هاوڕێیانی کوردستان لە بابەت ئەم جیابوونەوەیەوە قسەمان دەکرد. لە ڕاوێژی هیچکامیانەوە تێنەگەیشتم کە کوردن. من خۆ کوردی نازانم. بە فارسی قسەمان دەکرد. بەڵام ((کوردەکان)) هیچکامیان لەهجەیان نەبوو، واتدەزانی لە گەڵ تارانی قسەدەکەی. هاوڕێیانی پێشوومان کە قسەت لەگەڵ دەکردن دەتزانی کوردن».

تەقوایی ئەوە بە نیشانەی دواکەوتوویی هاوڕێیانی پێشووی خۆی دەزانێ کە کاتێک بەفارسی قسەیان کردووە بە ڕاوێژیانەوە دیاربووە کوردن. مرۆڤی کورد ئەگەر بیهەوێ خۆی وا نیشان بدا بە دڵی تەقوایی بێ، نەک هەر نابێ بە کوردی بدوێ، بەڵکوو کە بەفارسیش دەدوێ نابێ کوردبوون بە ڕاوێژییەوە دیاربێ. تەقوایی بە ئاشکرا دەڵێ ئەوە بە نیشانەی پێشکەوتوویی نەوەی تازە دەزانێ کە پێیانەوە دیار نییە کوردن. ئەوەندە پێشکەوتوون، ئەوەندە لە دڵ نزیکن «هەر وا دەزانی تارانین».

تەقوایی، بۆ ئەوەی نیشان بدا، ئەم بۆچوونەی بێ بناغە نییە و زمانی ((تارانی)) هەر بە ڕاستی لە ڕوانگەی هەموو کەسەوە لە زمانی کوردی شیرینترە، قسەی گەنجێکی سنەیی بە نموونە دێنێتەوە کە گوتوویەتی ئەگەر بە کوردی قسە بکەین کچان وەڵامان نادەنەوە. تەقوایی دەڵێ ئەو کوڕە گوتوویەتی لە سنە «هەر کوڕێک بیهەوێ کچان وەڵامی بدەنەوە((1))، دەبێ بە ڕاوێژی تارانی قسە بکا و پانتۆڵی جینی لە پێ بێ».

ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە ژمارەیەک، لە کوڕان و کچان لە کوردستان و لەوانە لە شاری سنەش، ئاوا بیر دەکەنەوە. ئەوە نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە هەموو جیهان ڕەوتێکی ناسراوی فەرهەنگ و ئەخلاقە کە ڕەگەزپەرستی و، بالادەستیی نەتەوەیی و ڕەگەزی خولقاندوویەتی. لە هەموو کۆمەڵگاکانی جیهاندا، مرۆڤی پلە یەک و مرۆڤی پلە دوو هەن. لە هەموو جێیەک ئیدەی فەرهەنگی باڵاترو نزمتر هەیە. لە هەموو جێیەک ئیدەی مرۆڤی باڵاتر و نزمتر هەیە. لە ئێرانیش هەروایە. نەتەوەی باڵادەست و زمانەکەی و جلوبەرگەکەی و سەماکەی بەرزتر و باڵاترن. لێرە لە ئوورووپاش ئەو ڕوانگەیە هەیە کە دەڵێ خۆماڵییەکان لە پەنابەران و ماڵ بەکۆڵەکان و بێگانەکان باڵاترن؛ سپییەکان لە ڕەشەکان باڵاترن. لە ئوورووپاش هەن کەسانێک کە دەڵێن پەنابەران تەنیا کاتێک دەبێ مافی شارۆمەندییان لە وڵاتەکەی ئێمە پێ بدرێ کە زمانی ئێمە باش فێر بن. دەڵێن ئەوەی زمانەکەی ئێمە باش فێر نەبێ، با سەری خۆی هەڵگرێ، بۆکوێ دەچێ بچێ.

له ناو نەسلی قوربانییەکانیشدا، له ناو پەنابەراندا، له ناو کەمایەتییەکاندا، له ناو ڕەشەکاندا، له ناو «پلەدووەکان»دا، هەن کەسانێک که دوای ساڵەها، سەرەنجام مل بەوە دەدەن که زمان و بەرگ و نەتەوە و ڕەگەزیان سووکترە. به ڕەنج و ئارەقڕشتنێکی زۆر تەقالا دەدەن زمانی ئەوان به جۆرێک فێر بن که بێگانەبوونیان پێوە دیار نەبێ و، بەرگێک بپۆشن لاوەیی بوونی پێوە دیار نەبێ. لاوانی سنەش سەرەنجام هێندێکیان تەسلیمی ئەوە بوون که زمانی فارسی زمانی نەتەوەیەکی بالاتر و ڕێزلێگیراوترە و، کوردبوونی خۆیان و ڕاوێژی کوردانەی زمانیان دەشارنەوە هەتا له چنگ سووکایەتیی سەربە نەتەوەی ژێردەستبوون خۆ بدزنەوە. ئەو ڕوانگەیەی تەقوایی له بابەت دواکەوتوویی و کێویلەبوونی زمان و هەڵپەڕکێی کوردی له کۆنگرەی حیزبەکەی خۆیاندا پڕوپاگەندەی پێوە دەکا، له ئێران ساڵەهایە له دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکوومەت و حیزبەکان و گرووپەکانی بەرەی شۆڤێنیستەکاندا پڕوپاگەندەی پێوە دەکرێ. له ئێران، ڕەگەزپەرستانی سەر به نەتەوەی بالادەست، شەیدای زمان و ڕەگەز و دین و دابونەریتی خۆیانن. ئێمە له ئێران له گەڵ شۆڤێنیزم و ڕەگەزپەرستییەک بەرەوڕووین که ڕووناکبیرە کۆمۆنیستەکەی ڕاشکاوانەتر له ڕاسیستی هەموو سووچێکی دنیا بەوە شاگەشکە دەبێ که هەرکەس بەزمانی من قسە نەکا کچان جوابی نادەنەوە. تەنانەت ڕاسیستەکانی ئورووپا هەرگیز داوایان نەکردووە پەنابەران زمانەکەی ئەوان وا فێر بن که به ڕاوێژیانەوە دیار نەبێ خەڵکی وڵاتێکی دیکەن.

ئەوە تەنیا هەڵپەڕکێی کوردی نییە که مایەی پێکەنینی تەقواییەکانی ئێرانە، تەنیا بۆ «دختربازی» نییە که ژمارەیەک له لاوانی سنە خۆیان بەناچار دەبینن به ڕاوێژی تارانی بدوێن و، بەرگ و ڕاوێژی کوردی وەلابنێن. تەقوایی ئەگەر بۆ نموونەی زیاتری دەسەڵاتی فەرهەنگی بالادەست گەڕابا ئەوەشی وەبیر دەهاتەوە که زۆر له «عومەر»ناوەکانی کوردستان، کاتێک بۆ خشتبڕین و بەردکێشانیش دەچنە تاران، خۆیان به ناچار دەبینن ناوی خۆیان بگۆڕن؛ ئاخر لەوانەیە کۆمەڵێک منداڵە ورتکە لەوانەی تازە خوتبەی مەلایەکی وەک تەقواییان لەبابەت پیرۆزتربوونی دینەکەی خۆیان بیستووە، له کاتێکدا کرێکارێکی کوردی پانتۆڵ له پێی عومەرناو بۆ خواردنی نان و تەماتەیەک له بەرسێبەری بینایەکی نیوەتەواو دانیشتووە، به بەردەفرکە بێزاری بکەن وتێی بگەیەنن له سنووری دەسەڵاتی باوەڕوئایینی ئێمەدای. تۆ ئەگەر بتهەوێ تەقوایی سووکایەتیت پێ نەکا و پێت پێ نەکەنێ، دەبێ بچیتە سەر دین و زمان و بەرگ و کەلەپوورەکەی ئەو. ئەو قسانەی ئێستا له کۆنگرەی پێنجی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەریدا قاقای پێکەنینی هاوبیرانی تەقوایی بەرزدەکاتەوە، ساڵانێکی دووروودرێژە له چاخانەکانی تاران، کەسانی وەک «سەیدکەریم» خەڵکی پێ دەهێننە پێکەنین

و پارەی پێ کۆدەکەنەوە. ساڵەهایە لە ئێران تەنانەت ئەندامەکانی لەشی کورد و تورک و عەرەب مایەی گاڵتەی ڕەگەزپەرستانەن.

ئەوە تەنیا کورد نییە کە زمانەکەی گوێچکەی شۆڤێنیستەکان ئازار دەدا. زمانی عەرەبیش وایە. سایتی «روزنە» نامەی «تێکۆشەرێکی کۆمۆنیست»ی بڵاوکردەوە کە لەتارانەوە بۆی نووسیبوون خەڵکی تاران لەوە تووڕەن کە ناوی زۆر لە شەقامەکانی تاران عەرەبین.

«توی تاکسی صحبت از اسامی زشت خیابانها بود. یکی اینکه بیشتر اسامی عربی است».

لە نامەی « هومان» (( 9 مهر 1381 ))

ئەوەی بیهەوێ لە ناو کۆمەڵێک شۆڤێنیستدا جێگەی خۆی بکاتەوە و وەربگیرێ، دەبێ لە تاقیکردنەوەی گەلێک دژوار و لەهەمان کاتیشدا گەلێک قیزەون بێتەدەر. فاتیحی شێخولئیسلامی، کە لە کۆبوونەوەی حیزبەکەیاندا بەو زمانە سووکە جنێوی بە کورد دەدا، پێی وابوو ئەگەر حاشا لە کوردبوونی خۆی بکا، دەتوانێ لە چەشتنی تامی شانازی و غورووری باڵادەستیی نەتەوەییدا ببێتە شەریک و هاوشانی تەقوایی. کوردەکانی ناو حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری کە بۆ بنکۆلکردنی ڕێزی مرۆڤی کورد، ئامادەبوون هەموو ناوونیتکەیەک لە کورد هەڵدەن و هەموو سووکایەتییەکی پێ بکەن، هەر بۆ ئەوەیان بوو عوقدەی کوردبوون لە خۆیاندا بتەقێنن و کەسانی وەک تەقوایی باوەڕ بەوە بکەن کە بەتەواوی ڕام و دەستەمۆ بوون و سەروەریی نەتەوەی باڵادەستیان سەلماندووە. هەر بۆ ئەم مەبەستە بوو یەک لە دوای یەک وتاریان لەسەر بێتام بوونی شۆرباولەپەی «خۆراکی کورد»! دەنووسی و تەنانەت کون وکەلێنی زمانی کوردییان بۆ دۆزینەوەی جنێو دەپشکنی هەتا بیسەلمێنن زمانی کوردی جنێوی زۆر تێدایە و زمانی نەتەوەیەکی جنێوفرۆشە. ئەوانە هەمووی لەپێناو ئەوەدایە کە بڕوا بە «برایەتی»یان بکەن و بە یەکێکی وەک تەقوایی بسەلمێنن کە ئێمەش وەک تۆ لەسەر ئەو بڕوایەین کورد قەومێکی سووک و نزمە. بەڵام بە هەموو ئەوانەشەوە، بڕوایان پێ نەکرا. ئاخر وەک وتم، ئەوە تاقیکردنەوەیەکی یەکجار دژوارە و کەم کەس لێی تێپەڕ دەبێ. کوردەکانی ناو کۆمۆنیزمی کارگەری، دوای ئەو هەموو هەوڵەی دایان بۆ ئەوەی بیسەلمێنن مرۆڤ ڕەنگ و مۆرکی زمان و نەتەوەی لێ نادرێ و هەمووان شارۆمەندی هاوشانن، سەرەنجام یەکڕەنگی و برایەتییەکەیان بڕوای پێ نەکرا و وەک «عەشایری کورد» دەرکران.

تەقوایی کەواوپانتۆڵ و هەڵپەڕکێ بە «بایەخەکانی چەپی کوردستان» ناو دەبا. کەواوپانتۆڵ، بەرگ و پۆشش، لە قامووسی ڕەگەزپەرستەکاندا نەبێ، لە لای هیچکەس

بەشێک لە «بایەخەکان» نییە. تەقوایی پێی وایە جلوبەرگی خەڵکی کوردستان، پێناسەی فکر و ئایدۆلۆژی و ڕەگەز و ڕێبازی ژیانیشیانە، بۆیە بە ناوی بایەخەکانیان ناوزەدی دەکا. لە لای خۆی داوەرییەکی تەواوی کردووە لە بابەت ئەوە کە، ئەو مرۆڤانەی بەو زمانە دەدوێن و ئەو بەرگەیان لەبەردایە، خاوەنی چ فکرو ئەندێشە وجیهانبینییەکن. پێی وایە کوردەکان لەبەر ناسیۆنالیستبوون هەڵدەپەڕن. لە کوردستان هیچ شتێک لەوە ئاساییتر نییە کە مرۆڤەکان بەو وشانە بدوێن کە پێیان دەگوترێ زمانی کوردی و بەو بەرگە خۆیان داپۆشن کە پێی دەگوترێ بەرگی کوردی. ئەو بەرگە و ئەو زمانە، هێمای هیچ ئایین و ئەندێشە و ئایدۆلۆژیایەک نین. بەڵام تەقوایی چونکە وای داناوە مرۆڤی ئێرانی بە شێوەی ئاسایی دەبێ فارس و شیعە بێ، پێی وایە ژنان و پیاوانی بەرگشڕ و دەستەنگی کوردستان کە ڕانکە شڕەیەک لە بیست جێوە پینە دەکەن، بە نیشانەی دژایەتی لە گەڵ یەکپارچەیی ئێران ئەو بەرگە کوردییە لەبەر دەکەن. تەقوایی پێی وایە مرۆڤ ئەگەر دواکەوتوو و ناسیۆنالیستی کورد نەبێ نابێ بە کوردی بدوێ، نابێ لەهجەی کوردی هەبێ و، نابێ کەواوپانتۆڵی کوردی لەبەر بێ. بۆچی خەڵکی سنە دەبێ بە هەڵپەڕینی کوردی پێ بکەنن؟ کام مەرجەعییەتی دینی و نەتەوەیی ئەو فتوایەی داوە کە «باباکەرەم»ی تارانییەکانی ناو حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری، لە «قرەپیرێژن»ی مەریوانییەکانی ناو ئەو حیزبە پێشکەوتوانەترە؟

لە شەڕی یەکەمی سابلاغدا پاسدارێک، لە ئیندرقاش ماوەیەکی زۆر بوو لە قەڵاغە تەپاڵەکان مۆڕ دەبووەوە، دوایی دەرکەوت ئەو داماوە بۆیە ڕقی لەو قەڵاغە تەپاڵەیە هەڵگرتووە بە ئیمامزادەی سوننییەکانی تێگەیشتووە. تەقوایی پێی وایە کوردەکان بۆ دژایەتی لەگەڵ باوەڕەکانی ئەو هەڵدەپەڕن، بۆیە ڕقی لە هەڵپەڕینەکەیانە.

ئەو بایەخانەی تەقوایی بۆ کوردیان بە دواکەوتووانە دەزانێ بۆ تارانییەکانی بە نیشانەی پێشکەوتوویی دەزانێ. ئاهەنگی ڕێزگرتن لە 8ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان لە تاران، کە ئەمساڵ حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری ماوەیەکی زۆر خۆی پێوە هەڵکێشا، هەروەک سایتی ((روزنە)) خۆی ڕایگەیاند بەسروودی ((ای ایران)) دەستی پێکرد و هەر بەو سروودەش کۆتاییان پێهێنا:

ای ایران ای مرز پر گهر
ای خاکت سر چشمه هنر

ای.. دشمن ار تو سنگ خاره ای من آهنم
جان من فدای خاک پاک میهنم

در راه تو کی ارزشی دارد این جان ما
پاینده باد خاک ایران ما

تا.. گردش جهان دور آسمان بپاست
نور ایزدی همیشه رهنمای ماست

حیزبەکەی تەقوایی، بە بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی بایەخی دواکەوتووانە لەم سروودەدا ببینن، لە بابەتێکدا بە ناوی ((گزارشی از برگزاری 8 مارس روز جهانی زن در پارک لاله تهران)) هەواڵەکەیان لە سایتی ((روزنه)) دا ئاوا ڕاگەیاند:

((.... بعد آواز یار دبستانی من و ای ایران را خواندیم و .... پس از یک ربع با خواندن سرود ای ایران و شعارهای قبلی به سمت درب غربی پارک به حرکت در آمدیم)).

ئەوانە سەردەمێک وایان نیشان دەدا شەیدای شۆڕشگێڕی و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانن. سەنگەری شۆڕشی ئێران، وڵاتی سوور، وڵاتی شووراکان، مەڵبەندی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانە ئەو ناوانە بوون کە ئەمان لە کوردستانیان نابوو. ئێستا لە قسەکانی تەقوایی وادەردەکەوێ ئەو کات قسەی زمانیان و هەستی دەروونیان یەک نەبووە. هەموو ئەو شۆڕشگێڕیەتییە بووەتەوە بە فیلمێکی گاڵتەئامێز و کۆمێدی کە تێیدا کۆمەڵێک پێشمەرگەی شەیدای شاخ و چیا و، کەواوپانتۆڵ لەبەر و جامانەلەسەر ، هەر لەبەر ئەوەی حەزیان لە شاخ بووە، داویانەتە کەژوکێو و وەک خێڵێکی وەحشی لە ئەشکەوتەکاندا هەڵپەڕیون. تەقوایی بە خۆشحاڵییەوە دەڵێ لاوی ئەمڕۆ نازانێ شاخ چییە و ئەو مێژووەی لەبیر چووەتەوە.

تەقوایی ئێستا دوای چارەکە سەدەیەک باسی ئەوەدەکا کە چەپی کوردستانی بە کەواوپانتۆڵ و جامانە و هەڵپەڕینەکەیانەوە ناسیوە و بەچاوی سووک لێی ڕوانیون. تەقوایی ئێستا لە کونگرەی پێنجدا باسی ئەوە دەکا کە لە کۆنگرەی چواردا نوکتەی بۆ هەڵپەڕینی کوردەکانی ناو حیزبەکەی خۆی ساز کردووە. ئەوانە نیشان دەدەن کە نەفرەت وکینەی ڕەگەزپەرستانە دەتوانێ ساڵەها لە دەروونی مرۆڤەکاندا هێلانەبکا و خۆی دەرنەخا. کینە دەتوانێ ساڵەها خۆی بشارێتەوە.

تەقوایی یەکێکە لەوانەی تامی باڵادەستیی نەتەوەیی چەشتووە و داکۆکی لێ دەکا. ئەوانەی بەرژەوەندیان لە باڵادەستیی نەتەوەییدایە، دەستی لێ هەڵناگرن و لە هەموو بەرگێکدا داکۆکی لێ دەکەن؛ کوڕی شا بن یان ئەندامی جەبهەی میللی، ئیسلامی بن یان لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری، سەیدکەریم ی نوکتەبێژی ناو چاخانەکانی تاران بن، یان تەقوایی نوکتەبێژی ناو کۆنگرەی چواروپێنجی کۆمۆنیزمی کارگەری. حەمیدی تەقوایی بە هەمان تەوس و توانجەوە باسی «کوە» لە کوردستان دەکا کە هەموو شۆڤێنیستێکی دیکە دەیکا.

من ئێستا باوەڕ بەو هەڕەشەیەیان دەکەم کە دەڵێن کورد و کەمە نەتەوەییەکانی دیکە باسی مافی خۆیان بکەن، لە ئێران گۆمی خوێن ساز دەبێ. نەفرەتی ئەمانە بە ڕاستی دەتوانێ گۆمی خوێن ساز بکا.

تێکۆشەری ڕێگای بەدیهاتنی ئازادی و مەرجەکانی گەشانەوەی کەرامەت و کەسایەتیی مرۆڤ، تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەیەکی بندەست، نابێ داوای هیچ شتێکی کەمتر لە ڕزگاریی نەتەوەیی بکا. هەتا ئەوکاتەی ڕەگی باڵادەستیی نەتەوەیی و خۆ بەزلزانیی شۆڤێنیستانە هەڵنەکێشرێ، پێکەوەژیان مانای نابێ. هەڵەیەکی گەورەیە لە هەڵوێستی ژێردەستەوە، داوای برایەتی بکەی. لە هەڵوێستی دیلێکی سووکایەتی پێکراوی ژێرچەپۆکەوە داوای پێکەوە ژیان، بە مانای ڕازیبوونە بە دیلییەتی.

15ی دیسامبری 2004

---

پەراوێز:

1_ «کچان وەڵامی بدەنەوە»: حەمیدی تەقوایی، بەپێی فەرهەنگی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری، زاراوەی ((دختربازی)) بەکار دەبا کە نیشان دەدا لای ئەوان باوەڕی چەسپاو ئەوەیە کە پەیوەندی کوڕ وکچ شتێکە لەبابەتی ((بازی))، سەرگەرمییەکە بۆ ڕابواردن بە لەشی کچان، شتێکە وەک «مێبازی» و«نێربازی» و زاراوەی دیکەی لەم بابەتە کە بەکارهێنانیان خۆی لە خۆیدا نیشانەی جۆرێکە لە ڕوانین بۆ مرۆڤ و جەستەی. لەم «بازی»یە دا، لەم ڕونگەیەدا، نەک پەیوەندێکی مرۆڤانە، بەڵکوو ڕابواردن بە لەشی مرۆڤ وەک سەرگەرمی مەبەستە. حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری، لەم زەمینەیەشدا ناوبانگێکی خۆشی نییە.